# حکومەتی کاتیو بریاری ئەنجومەنی ئاسایش، ناکامییەکی تری ناسیونالیزمی کوردو.. ئایندەی کوردستان

## گفتوگۆ لەگەڵ ریبوار ئەحمەد

**ئۆکتۆبەر:** بریاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پشتیوانی کردن لە "حکومەتی ئینتقالی"و رەوتی رووداوەکان چۆن هەلدەسەنگینن؟

**ریبوار ئەحمەد:** ئیمە بە بەیانی رەسمی هەم لەسەر "حکومەتی کاتی"و هەم لەسەر ئەم بریارەی ئەنجومەنی ئاسایش هەلویستی خۆمان روونکردوەتەوە. فەرز کردنی حکومەتیکی دەسکەلای کۆنەپەرست کە قەومو عەشیرەتو ئیسلام بە رەمزو موقەدەساتەکانی خۆی دەزانیو سەرۆکەکەی شانازی بە عەباو عەگالەوە دەکات، مەحکومە چونکە ئیرادەی خەلکی عیراقی پیشیل کردوەو بە دور لە هەر جۆرە دەورو دەخالەتیکی ئەو جەماوەرە ملیونیەی کە بریارە ئەم حکومەتە ژیانو چارەنوسیان دیاری بکات، بەسەریاندا فەرز کراوە. هەروەها مەحکومە چونکە مەبەستی ئەصلی لە دامەزراندنو بەکارخستنی پەلەقاژەیەکە بۆ شەرعیەتدان بە داگیرکاریو مانەوەی هیزەکانی ئەمریکا لە عیراقو راگرتنو دریژەدانی ئەم وەزعە کارەساتبارەو راپەراندنی نەخشەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئەمریکا.

لە هەمان کاتدا ئەم حکومەتە بە توندی کۆنەپەرستانەو ناکۆکە لەگەل ئاواتو ئارەزووە ئینسانیو پیشکەوتوانەکانی خەلکدا، بۆیە دەبێ پیش ئەوەی پی بگریت ناکام بکریتەوە. ناکرێ لە دنیای هاوچەرخدا دەسەلاتو چارەنوسی کۆمەلگایەکی بیستو چەند ملیونی بسپیردریت بە کۆمەلیك سەرەك خیلو تایفەچیو قەومپەرتی دەستو پیوەندی ئەمریکا، کە هیشتا بە عەقلیەتی خیلەکی بیر دەکەنەوەو شانازی گەورەیان عەشیرەتو دیوەخانو جلوبەرگی عەشایەریەو پیوانەیان بۆ ئینسانو هاولاتیو مافەکانی تا بستیك ئەولای پیوانەو عەقلیەتی قەومیو عەشایەری بر ناکات. زور ئاشکرایە کە جەماوەری خەلکی عیراق لە سایەی دەسەلاتیکی وەهادا تەواوی ئاواتو ئارەزوە ئازادو پیشکەوتوانەکانیان وردوخاش دەکریت، لەسەر بناغەی هەموو جۆرە جیاوازیەکی ساختەو دروستکراو(قەمیەت، تایفە، خیل، جنس، ناوچە) هەلاواردن لە نیوان هاولاتیاندا پیکدیت، دووبارە وەکو سەردەمی بەعس شمشیری ئیسلامیو عەشایەری بەسەر سەری ژنانەوە رادەگیریت، لاوان بەدەست کۆنەپەرستیەوە هەراسان دەبن، سەرئەنجامیش بۆ فەرزکردنی هەموو ئەمانە داپلۆسینو ئیعدام بالدەکیشیتەوە. لە دەمی ئەیاد عەلاویەوە دەمیکە ئەمە وەکو مژدەیەك راگەیەنراوە.

بریاری ئەنجومەنی ئاسایش راگەیاندنی پشتیوانی بوو لە هەموو ئەم کۆنەپەرستیو پیشیلکاریانەی کە بەرامبەر خەلکی عیراق بەریوەبراوە. ئەم بریارە جاریکی دیکە دژایەتی توندو ئاشکرای خۆی

لەگەڵ سەرەتایترین پیوانەو مافە ئینسانیەکانی هاولاتیاندا نیشاندا، کە بریتیە لە مافیان بۆ بریاردان لەسەر سیستەمی حوکمرانی لە کۆمەلگاکەیاندا. ئاشکرای کرد کە تۆزقالیك پابەندی تەنانەت بەلگەنامەکانی خۆشیان نین، ئاشکرای کرد کە هەموو پیوانەکانیان ئیزدواجیو ئارزوومەندانەیەو کیشەکانی نیوان لایەنەکانیشی تەنها لەسەر بەرژەوەندی ناکۆكو کۆنەپەرستانەی خۆیانە. ئەم بریارە هەموو پەردەیەکیشی لەسەر ناوەرۆکی ئەو کیشەو ناکۆکیانە لابرد کە لایەنەکانی نیو ئەنجومەنی ئاسایش لە قۆناغەکانی پیشوتردا سەبارەت بە مەلەفی عیراق لەگەل ئەمریکاو بەریتانیادا بوویان، زور بە رۆشنی دەرکەوت کە کیشەی ئەوان لەسەر شەرو کوشتاری خەلكو ویرانکردنی کۆمەلگای عیراق نەبوو هیچ پەیوەندیەکیشی لەگەل بەرژەوەندیەکانی ئەم خەلکەدا نەبوو. ئەنجومەنی ئاشایشو خودی نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو هەمیشە ئامرازیکە بە دەست دەولەتانی زلهیزی دنیاوە بۆ بەرەوپیش بردنی سیاسەتو مەرامە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان. بە دیاریکراوی بەرامبەر عیراق لە پشتی 13 سال حصاری ئابوریو برسی کردنو شەرو بۆمبارانی رۆژانەی ئەم کۆمەلگایەوە راوەستاوە. ئەم بریارە تازەیەی حەلقەیەکی ترە لە زنجیرەی تاوانەکانی بەرامبەر خەلکی عیراق.

بەلام بە بروای من نە سیناریۆیی پیکهینانی حکومەتی کاتی لەلایەن ئەمریکاوەو نە پشتیوانی ئەنجومەنی ئاسایش لەم حکومەتە شتیکی بنەرەتی لە وەزعی ئیستا ناگۆریّ، لە روانگەی خەلکی عیراقو دنیاوە ئەمە پلاتفۆرمیکە بۆ دریژدان بە داگیرکاری ئەمریکاو مانەوەی لە عیراقدا، ئەم حکومەتە هیچ پایەکی لە نیو خەلکدا نیەو کەس وەکو حکومەتی خەلکی عیراق چاوی لی ناکات، گومان لەوە نیە کە ناکام دەمینیتەوە بەرامبەر وەلامدانەوەی کیشەکانی ئیستای عیراق، ناتوانی بستیك لە راستای کۆتایهینان بە فەزای نائەمنیو شەروکیشەی تیرۆریستی بروات پیشەوە، دابین کردنی گوزەرانو ئازادیو مافە مەدەنیەکانی خەلك لە بەرنامەیدا نیە، بەلکە خۆی نسخەیەکە بۆ قولکردنەوەی سیناریۆی رەشو جەوی نائەمنیو پەرەپیدانی شەروکیشەی قەومیو تائیفیو هەر لە رۆژی یەکەمەوە نیشانەکانی ئەمە، لە کاردانەوەی تاقمە ئیسلامیەکانو ناسیونالیستە کوردەکانی هاوپەیمانیانەوە بەدەرکەوتن. ئەمە سەرئەنجام تەنها بریتیە لە یاریەکی سیاسی کە رەنگە بۆ خاوەنەکانیشی رۆشن نەبیت چەندە دەوام دەهینیت، بەلام گومان لەوە نیە کە هەنگاویکە بۆ فەرزکردنی کۆنەپەرستیو سەرکوت بەسەر خەلکی عیراقداو نیەتو بەرنامەی هیزەکانی پشتەوەی بەرۆشنی نیشانی خەلکی عیراق دەدات.

**ئۆکتۆبەر:** ناسیونالیستە کوردەکان لە بەرامبەر ئەم بریارەدا سەرەتا کەوتنە هەرەشەو گورەشەو نارەزایەتی دەربرینو دواتریش بە خیرایی چۆکیان بۆی دادا، بنەمای ئەم کاردانەویەی ئەوان چۆن لیکدەدەیتەوە؟

**ریوار ئەحمەد:** لە راستیدا ئەو بریارە دای بە ژێری تەواوی ئەو شتەی کە ئەوان دلیان پێ خۆشکردوەو لە هەموو جیگایاك شایی‌و لۆغانیان بۆی گیرابوو. هەموو دلخۆشی ئەوان بە بەلگەنامەی کۆنەپەرستانەی "یاسای بەریوەبردنی عیراق" بوو کە لەویدا هەندیك لە خواستەکانی ئەوان جیگای کراوەتەوە. ئومیدیان بەوەبوو کە لە چوارچیوەی بریارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا تەئیدو پشتیوانی ئەو بەلگەنامەیە بکریت‌و بەم جۆرە بە قسەی خۆیان زەمانەتیکی نیو دەولەتیش بۆ ئەو خواستانەیان بەدەست بهینن. بەلام بریارەکە لە 15 لاپەرە دریژدادریدا هیچ ئاماژەیەکی بەو بەلگەنامەیە نەکردوەو بە تەواوی‌و بە مەبەستەوە ئەوەی فەرامۆش کردوەو پشتی تیکردوە.

ناسیونالیستە کوردەکان کە پیش وەخت پیشبینی ئەمەیان لە دۆستە ئازیزەکانی خۆیان دەکردو هاوکاتیش ئەوەیان لەبەرچاوگرتبوو کە (سیستانی نادۆستی ئەمریکا) هەرەشەی کردوە لەوەی کە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش نابی تەئیدی (یاسای بەریوەبردنی عیراق) بکریت، بۆیە کەوتنە برتوبۆلەو دادوبیدادو وتیان ئەوە تاقە شتیکە کە زەمانەتی خواستەکانی ئیمە بکات بۆیە ئەگەر تەئید یان لانی کەم ئیشارەیەکی پی نەکریت، ئەوان لە حکومەتی ئیتقالی ئەکشینەوەو پەیوەندی خۆیان لەگەل ناوەند دەبرن‌و تەنانەت نا راستەوخۆ هەرەشەیان لە یەکپارچەیی عیراق کرد. بەلام هیچ کەس، نە ئەمریکا نە هاوپەیمانە قەومی‌و ئیسلامیەکانیان لە عیراق، نە نەتەوە یەکگرتوەکان‌و نە خەلکی کوردستان، گومانیان لەوە نەبوو کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەوە بودەلەترو ناکارامەترن کە ئەم هەلویستەیان بەرنە سەر، هەرواش بوو هەرچەندە لە سەرەتاوە خۆیان رەنجان، بەلام دواتر چونەوە قاوغەکەی خۆیان‌و سەرکردەکانیان تەواوی هەلویستی خۆیانیان بە (گلەیی لە دۆستەکانیان) پیناسەکرد، تەنانەت تا ئاخرین ساتی ئەو مۆلەتەی کە باسی لیوەکرابوو بۆ راگەیاندنی دوا هەلویستیان، خۆیان لەسەر ئەو (گلەییە) پینەگیراو چۆکیان داداو کەوتنە پاکانەو پارانەوەو بە پەلەپروزێ تەئیدی خۆیان بۆ بریارەکە راگەیاند. بۆ پاساوی ئەم زەبونیەی خۆیان‌و چەواشەکردنی خەلك، لەو 15 لاپەرەیەی بریارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا رستەیەکیان پەیداکرد کە عیراق بە (جمهوری ئیتحادی) ناو دەبات، ئەم عیبارەیە کە دەکریت سەدو یەك تەفسیری بۆ بکریت، بوو بە بەلگەی سازشیان‌و ووتیان مەبەست لەمە تەئیدی فیدرالیزمەکەی ئیمەیە، بۆیە بەدلمانەو پێی رازین.

هەرچەندە سیناریۆکانی تا ئیستا نیشانیانداوە کە تەنانەت بەلگەنامەی رەسمیش ناتوانێ‌و نەیتوانیوە لە بەرامبەر پیلان‌و بەندوبەستی ئەم هیزانەی هاوپەیمانی ناسیونالیستە کوردەکاندا زەمانی خواستەکانی ئەوان بکات، بەیانی کۆتایی کۆنگرەی لەندن‌و (یاسای بەریوەبردنی عیراق) پیش ئەوەی مەرەکەکانیان وشك بیتەوە لەلایەن ئیمزاکەرانیانەوە خرانە ژیرپیوە. بەلام ئەمجارە تەنانەت ئامادەنەبوون زەمانەتی بەلگەنامەی رەسمیشیان پیبدەن، لە جیاتی ئەمە یاوەرو عەلاوی سەرزارەکی بەلینیاندا کە خواستی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەستەبەر بکەن، ئەم جۆرە

بەلینانەش بە دریژایی دەسەلاتی بەعس چەندین جار لەلایەن ئەحمەد حسن بکرو صدام حسینەوە بەوان درابوو. لەم مەسەلەیەدا جاریکی تریش ئەحزابی ناسیونالیستی کورد هیچ لەبەبارنەبویی و کورتبینی خۆی دوپات کردەوە، ناکامیەکی تریان بۆ خۆیان تۆمارکرد، ئاشکرابوو کە ئەم حیزبانە هەتا بلیی خۆشدەستن بۆ ئەوەی لەلایەن ئەمریکاو دۆستەکانیانەوە بۆ خۆشخزمەتی بەبێ بەرامبەر بەکاربهینرین، هەرکات پیویستیان پیان هەبیت پیش خۆیان دەدەن بۆ شەرو ریاکاریو بە فیکەیەك دەیانهیننە سەما، هەرکاتیش کاریان پیپان تەواوبوو گویان دەگرنو لەسەر ئەرزی رەق دایاندەنیشینن. ئەمە بنەمای سەرەکی ئەو پەیوەندیو هاوپەیمانیتیەیە کە شانازی پیوە دەکەن.
هەلبەت ئیمە هەمیشە ووتومانە ئەوەی ناسیونالیزمی کورد بە ناوی خواستی خەلکی کوردستانەوە لە فیدرالیزمدا گەلالەی کردوە، تەرحیکی کۆنەپەرستانەیە بۆ وەرگرتنی بەشی خۆیان لە دەسەلاتی سیاسیدا، نەك هیچ پەیوەنییەکی بە خواستو ویستە ئازادیخوازانەکانی خەلکی کوردستانەوە نیە بەلکو بە توندی لە دژیانە. بۆیە ئەمە ناکامیەکی ئەوانە لە مەیدانی گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیانداو پەیوەندی بە خەلکی کوردستانەوە ئەوەیە کە ئەم حیزبانە هەمیشە ئاکامی ناکامیەکانی خۆیان بەسەر خەلکدا دەشکیننەوە. بۆ بەرگرتن لەمە خەلکی کوردستان دەبێ حسابی خۆیان لەم حیزبە بە شکستو ناکامی چەشەبوانە جیابکەنەوە، ریگای جیاوازی خۆیان هەلبژیرن. پیشتر ووتومە خەلکی کوردستان یان دەبێ ئەحزابی ناسیونالیستی کورد تیپەرینو بەدیلیکی تازە هەلبژیرن یان دەبێ هەمیشە چاوەروانی کارساتی ئەنجامی ناکامیو شکستەکانی بکەن.

**ئۆکتۆبەر:** ئەم نارەزایەتیەی ئەحزابی ناسیونالیست چەندە پەیوەندی لەگەل ئەو بنەمایانە هەیە کە ئیوە بۆ مەحکوم کردنو رەتکردنەوەی حکومەتی کاتیو بریاری ئەنجومەنی ئاسایش باستان کرد؟
**ریوار ئەحمەد:** بە بروای من هیچ. ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە فەرزکردنی بەدیلی کۆنەپەرستانەی قەومیو ئیسلامی بەسەر خەلکی عیراقدا، لە پیشیلکردنی دەورو دەخالەتی خەلك بۆ بریاردان لەسەر سیستەمی حوکمرانی عیراق، لە خزمەتکردن بە نەخشەو مەرامەکانی ئەمریکاو داتاشینی بەهانەی مانەوەی هیزەکانیان لە عیراقدا، سەرئەنجام لە خولقاندنو دریژەدانی ئەم سیناریۆ رەشەی شەرو نا ئەمنیو برستیو نەهامەتی هەموو جۆرەدا، لەگەل ئەمریکاو هیزە قەومیو ئیسلامیەکانی عیراقدا بە تەواوی هاوراو هاوکارو هاوپەیمانن. کیشەکەیان تەنها لەسەر بەشە دەسەلاتی خۆیانە لە چوارچیوەی ئەم بەدیلە کۆنەپەرستانەیەدا. تەنانەت دەستەبەرکردنی خواستی ئەوان تەنها حەلقەیەکی ترە لە قولکردنەوەی ئەم سیناریۆ رەشەو هۆیەکە بۆ راکیشانی کوردستانیش بۆ نیو ئەم سیناریۆیە، بۆناو شەروکیشەی نەبراوەی قەومپەرستی، بۆ ژیربالی دەسەلاتی دواکەوتوانەو کۆنەپەرستانەی عەشایەری–قەومیو ئیسلامی.

**ئۆکتۆبەر: حکومەتی کاتیو بریاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پشتیوانی کردنی ئەم نەخشەیەی ئەمریکا، چ کاریگەریەکی لەسەر چارەنوسی کوردستان دەبێتو ریگاچارە چیە؟**

**ریوار ئەحمەد:** لە رستیدا گشت ئەو رەوەندەی کە لە یەکسالی رابردوودا لە عیراقدا براوەتەپیشەوە، تا پیکهینانی حکومەتی کاتیو ئەم بریارەی ئەنجومەنی ئاسایش، سەرجەم وەزعەکەی بەو بارەدا بردوە کە بوار بۆ ئەوە نەهیلیتەوە خەلکی کوردستان بتوانن لە چوارچیوەی عیراقدا بە مافو خواستەکانی خۆیان بگەنو لە ژیانیکی ئازادو مافی یەکسانی هاولاتی بوون بەرهرەمەندبن. بە بروای من تەنانەت ئەگەر خەونەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیش لە بابەت دانی یەکیك لە پۆستە سەرەکیەکانی دەولەتی کاتی بەوانو تەئیدی "قانونی بەریوەبردنی عیراق" لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوەو سەلماندنی فیدرالیزمەکەی ئەوان، دەستەبەر بکرایە، هیچی لەم راستیە ناگۆری کە لە سایەی حکومەتی قەومیو ئیسلامیدا، لە حالیکدا کە ئیسلامی سیاسی قورسایی بکات لەسەر دەسەلات، بوار بۆ دەستەبەر بوونی خواستەکانی خەلکی کوردستان نامینیتەوە. نە ئیسلامی سیاسیو نە قەومپەرستانی عەرەب لە بنەرەتەوە هیچ باوەریکیان بە مافەکانی خەلکی کوردستان نیە، بۆیە تا دەسەلات بە دەستی ئەوان بیت، تەنانەت ئەگەر لە ژیر زەختو فشاری هەلومەرجیکی تایبەتدا، هەر گفتیکیش بدەن، بە ئەندازەی نوکە دەرزیەك جیگای ئیعتماد نیە. ناسیونالیستە کوردەکانیش ئەم راستیە دەزانن بەلام کورتبینانەو لە پیناو بەندەبەستی خۆیاندا فەرامۆشی دەکەنو خەلکی پی فریودەدەن.

ئایندەیەکی دور لە هەلاواردنو ستەمو سەرکوت بۆ خەلکی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا، بەو جۆرەی ئیمە رامانگەیاندووە، لانی کەم لە گرەوی ئەوەدایە کە حکومەتیکی مودیرنو سکولاری غەیرە قەومی لە عیراقدا بیتە سەرکار کە بە چاویکی یەکسان تەماشای هەموو هاولاتیان بکات، حکومەتیك کە هیچ ناسنامەیەکی قەومیو دینیو تائفیو جنسی لەبەرچاو نەگریتو مافی یەکسانی هەموو دانیشتوان لە سەر بناعەی  هاولاتی بوون مسۆگەر بکات. وەکو نمونەیەکی زۆر سادە دەکری باسی ئەوە بکەین کە حکومەتیك بیت لە سایەیدا وەکو ئیستا کفر نەبیت کەسیکی کوردزبان ببیتە سەرۆك کۆمار یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، هەموو هاولاتیان بەدەر لە زمانی قسەکردنو ناسنامەی قەومیو رەچەلەکیان بتوانن بە پلاتفۆرمی خۆیانەوە، بۆ هەموو پۆستیك خۆیان کاندید بکەنو لەسەر بناغەی بە دەستهینانی متمانەی خەلك بتوانن هەموو پۆستیك بە دەستەوە بگرن.

بەداخەوە لە سایەی هاوسەنگی هیزەکان لە ئیستای عیراقدا، بە تایبەت بە هۆی دەخالەتی راستەوخۆی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە، رۆژ بەرۆژ بوار لەبەردەم هاتنەسەرکاری ئەم بەدیلە تەسك دەبیتەوەو حکومەتی قەومیو دینیان کردوە بە هەرەشەیەکی قورس لە سەر کۆمەلگای عیراق. ئەمەش دەرفەتی ئەوە بۆ خەلکی کوردستان ناهیلیتەوە کە بتوانن لە هەلومەرجیکی وادا

**ئایندەیەکی بەختەوەرو ئازادو دور لە هەلاواردن‌و ستەم‌و پلەدوویی لە چوارچیوەی عیراقدا بۆ خۆیان بەدیبکەن. بە بروای من نابێ ریگابدریت کوردستان بە کیش بکریت بۆ ناو ئەو سیناریۆ رەشەی بالی بەسەر عیراقدا کیشاوە، نابێ بچیتە ژیر رکیفی حکومەتیکی کۆنەپەرستانەی قەومی‌و ئیسلامیەوە کە لە عیراقدا بیتە سەرکار. خەلکی کوردستان دەبێ لە هەلومەرجیکی وادا ریگای تایبەتی خۆیان هەلبژیرن.**

**لەم بارەیەوە ئیمە پیشتر لە پلاتفۆرمی حیزب بۆ (کۆتایهینان بە سیناریۆی رەش‌و سازدانەوەی مەدەنیەت لە عیراقدا) باسمان کردوە کە ئەگەر لە عیراقدا حکومەتیکی غەیرە قەومی‌و غەیرە دینی نەیەتە سەرکار، ئەگەر ئیسلام‌و قەومیەت بکرینە ناسنامەی دەولەت، ئەگەر سیناریۆی رەش دریژە پەیدا بکات، خەلکی کوردستان دەبێ ریگای جیابونەوە هەلبژیرن. بە بروای من ئەم پیشهاتە تازانە بەتوندی رەوەندی هەل‌ومەرجەکەی بەو بارەدا پالپیوەناوە. بۆیە لەسەر بناغەی ئەو فاکتۆرانەی سەرەوە من پیم وایە لە ئیستادا ریگاچارەی گونجاوو عەمەلی‌و کارساز بۆ کوردستان جیابونەوە لە عیراق‌و پیکیهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی مودیرن‌و پیشکەتوانەی غەیەرە قەومی‌و غەیرە دینیە لە کوردستان کە بتوانێ ژیانیکی ئاسودەو شاد بۆ هەموو دانیشتوانەکەی، بەدەر لە دیانەت‌و قەومیەت‌و جنس‌و ...بە یەکسانی فەراهەم بکات. هەنگاویکی بەم جۆرە تەنانەت دەتوانێ کاریگەری هەبیت لەسەر فەزای سیاسی عیراق‌و بەم مانایە بە قازانجی رەوتی ئازادیخوازی‌و موتەمەدن لە ئاستی عیراقیشدا تەواو دەبیت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ دەستبەجێ راپرسیەکی گشتی‌و ئازادانە لە کوردستاندا بەرپابکریت بۆ ئەوەی خەلکی کوردستان ئازادانە ریگای خۆیان هەلبژیرن.**